# لەپەراوێزی ڕووداوەکانی کەلاردا

## پێویستە پارێزگاری کەرکوك (دەربەندیخان) دەست لەکار بکێشێتەوە

**هێمن مەحمود/ دەربەندیخان**

بێدەنگی هەر کۆمەڵگایەك ئاماژەیەکی ترسناکە بۆ دروستبونی دیکتاتۆریەت لە داهاتودا ، بەمانایەکی دی سەرەتای دروستبونی هەردیکتاتۆرێك لە بێدەنگی ئەو کۆمەڵگایەوە دەست پێدەکات لە بەرامبەر دەسەڵات و حکومەتدا .

ئەگەر میللەتێك فێرنەبێت بڕژێتە سەر شەقام و بەدەنگی بەرز بە گەندەڵ و دزەکان نەڵێت نا بۆ دزی و گەندەڵیەکانتان ، نابۆ ستەمی بەردەوامتان ، نابۆ....

ئەوا زۆر بەسانایی دیکتاتۆریەت لە ساتێك لە ساتەکاندا دروستدەبێت و ئیدی چەندین ساڵ و سەدەی پێویستە تاوەکو لە ناو دەبرێت .

کەنعان مەکیە واتەنی ئەوە سەدام حسێن نەبوو بێدەنگی لە عێراقدا دروستکرد ، بەڵکو ئەوە بێدەنگی بوو سەدام حسێنی دروستکرد .

وەك سەرەتایترین مافی دیموکراتی‌یش هاوڵاتیان دەتوانن بڕژێنە سەر شەقام و نارەزایی دەرببرن ، ئیدی ئەو نارەزایی دەربڕینەش بەدڵی دەسەڵات بێت یان نا ، بەدڵی لێپرساوان بێت یان نا .

ڕێپێوانەکەی شاری کەلار 9/7 کە سەرەتا بە هێمنی دەست پێدەکات و دواتر توندو تیژی و تاڵان و بڕۆی لێدەکەوێتەوە ، ئەگەر هەڵگری هیچ ئاماژەیەك نەبێت ، ئەوا بەدڵنیاییەوە ئەوەی پێ وتین ئەم ناوچەیە بەدەست پشتگوێخستن و لەبیرکردنێکی بەردەوامەوە دەناڵێنێت ، ئەم ناوچەیە بەدەست کۆمەڵێك لێپرساوی گەندەڵەوە دەناڵێنێت کە ئیدی کاتی ئەوە هاتوە لێیان بپرسرێتەوە .

ئاخر کەی ڕەوایە دوای سیانزە ساڵ ئازادی کەچی تازە خەڵکی شارێکی گەورەی وەك کەلار داوای ئاوی پاکی خواردنەوە و داوای کارەبا بکەن .

من دژی هەموو کارێکی تێکدان و ئاژاوەگێری و سوتاندنی ماڵ و موڵکی حکومەتم کەدواجار ماڵ و موڵکی خەڵکیشە بۆ نمونە تاڵانکردن و سوتاندنی پەروەردە چی پەیوەندییەکی بە داوکاری خەڵکەوە هەیە ، خۆ ئەوانەی ڕێپێوانەکەیان ئەنجامداوە و سەرپەرشتی ڕێپێوانەکەیان کردوە کۆمەڵێك گەنجی خوێندەوارن داوایان نەکردوە با پەروەردە تاڵان نەکرێت .

ئەم کارە کە داوجار بە زیانی هەر هەوڵێکی مەدەنی بۆ گوران و دیموکراسی کۆتایی دێت ، بیانویەکیشە بۆ ئەوانەی کە حەزناکەن دەسەڵات ڕووەو دیموکراسیبون بڕوات و گوێ بۆ دواکانی خەڵك بگرێت ، بۆ یە بەتەقەکردن و ترساندن و گرتنی هاوڵاتیان کۆتای پێدێنن .

ڕوداوەکانی شاری کەلار وەك چۆن ئاماژەیەکە بۆ هەموو ئەوانەی پێیان وایە میللەت کوێرە و بێ ئاگایە و مێگەلێکە چۆنت بوێ وا دەیدەیتە بەر ، ئاماژەیەکیشە بۆ ئەوەی کە چیدی ئەم ناوچەیە ئەم هەموو جیاوازی و ناعەدالتی و بە کەناربونی خۆیە قبوڵناکات ، ڕۆڵەکانی ئەم ناوچەیە کە بەردەوام سوتەمەنی شەڕە یەك لەدوای یەکەکان بوون هەقیەتی کە ئیدی سەرەتایترین مافی ژیانی هەبێت و هەست بکات بۆ یەکەمجار ئاوی پاك لەناوچەکەدا دەخواتەوە .

بە دیوەکەی تردا ئەم ڕوداوەی کەلار دەبێت حکومەت و یەکێتی نیشتمانی بە هەند وەریبگرن و لە دەرئەنجامە درێژخایەنەکانی بکۆڵنەوە و بەدوای هۆکارە بنەڕەتی و بەردەوامەکانیدا بگەڕێن و چارەسەری بەپەلەی بۆ بدۆزنەوە .

سەرەتایترین چارەسەریش بە بڕوای من گۆڕینی لێپرساوە ئیدارییەکانی گەرمیانە، هەر لەو پارێزگارەی کە لەشاری دەربەندیخانە کە بە بڕوای من کەسێکی سەرکەوتوو نیە لە کارەکانیدا و دەرئەنجامەکانی ئەم ڕوداوە لەئەستۆی ئەودایە چونکە گەر پارێزگارێك بەتەنگ کێشەکانی خەڵکەوە بێت بۆیان چارەسەر دەکات، هەروەها لە هەموو دنیاشدا وەهایە دوای ڕوداوێکی وەها و دوای ئەوەی خەڵك لە لێپرساوەکان نارازیین دەست لەکاردەکێشنەوە یان لەسەر کارلادەبرێن، ئەمە جگە لە قائیمقامی ئەو شارە کە دەبێت دەست لەکار بکێشتەوە.

**هەروەها هەموو  ئەو لێپرسراوانەی تر کە هۆکاری دروستبونی ئەم کێشەیەن و بەبەر چاوی خەڵکەوە ماڵ و موڵکی حکومەت بۆ بەرژەوەندی خۆیان بەکاردەهێنن و بە قودرەتی قادر لەکون فەیەکونێکدا سەروەت و سامانی خۆیان  نازانن .**

**یەکێتی نیشتمانی گەر بیر لەوە دەکاتەوە ئەم ناوچەیەی تاسەر بە دڵسۆزی بۆ بمێنێتەوە دەبێت ئەو ڕاستیە وەبیر خۆی بهێنێتەوە کە ئەم ناوچەیە قوربانی زۆری داوە چ بۆ کورد و چ بۆ یەکێتی ، چەندی بۆ بکرێت هێشتا هەرکەمە ، ئاخر ئەوە چ ڕەوایە شارێکی وەك کەلار و دەربەندیخان بەتەنیشت ڕوباری سیروانەوەن کەچی ئاوی خواردنەوەیان نیە ، ئاوی پاکی خواردنەوەیان نیە، ئەمە لەکارەبا گەڕێ .**

**هەموو ئەو لێپرسراوانە لە بچوکترین حاڵەتدا لە پۆستەکانیان لابرێن و خوێنی گەنج و تازە بخرێنە شوێنیان ، دواتریش لە سەروەت و سامانیان بپرسرێتەوە و گەندەڵی و دزییەکانیان ئاشکرا بکرێت .**

**من لەگەڵ ئەوەدام کەئەوانەی تالانیانکردوە و دەستیان هەبوە لە دزینی ماڵی حکومیدا بدۆزرێنەوە و بدرێنە دادگا ، بەڵام نابێت بە بیانوی ئەمە دەنگە ئازاد و دیموکراس و ڕۆشنبیرەکانی ئەم شارەشی پێوە کپبکرێت و ئەوانیش دەستگیر بکرێن .**

**چونکە دواجار یەکێك لەوسیفاتانەی کە یەکێتی لەم ناوچانەی شانازی پێوە دەکات بونی ئەو پەراوێزی ئازادی و ڕاجیاوازانەیە کە بانگەشەی پێوە دەکات .**

**بۆ یە هەقە بیر لە چارەسەری هۆکارەکانی ئەم ڕوداوە بکرێتەوە .**